# پارادۆکسی کۆمەڵناسی

پییەر بۆردیۆ

ئەو ئایدیا سێنترالەی ئەمڕۆ دەمانەوێت لە بارەیەوە قسە بکەین و بیخەینە بەرباس و خواس : ئیۆری زانین( La theorie de la conaissance)و ئیۆری سیاسی پێکەوە پەیوەستن و ناچارن بە بە یەکەوەبون و جیاناکرێنەوە ، هەر ئیۆرییەکی سیاسی بە لای کەمەوە لە ناواخندا ئیۆرێکی بۆ پەیبردن پەیبردن بە دونیای کۆمەڵایەتی لەخۆڕێکخستنیاندا لەگەڵ ئەو دژایەتییە بە شێوەیکی کلاسیکیانە بەراورد لە نێوان ئەو ئیۆرە ئەزمونگەریەی Empiriste ))پێیوایە پەیبردن لە واقعی سڕاکنۆرەکانەوە هەڵدەگوازرێت و بە دەستدێت، لەگەڵ ئیۆرێک بڕوای بونیادنان و پێکهێنان هەیە و بەو شێوەیە خۆی دەردەخات، کە هیچ بابەت و ئۆبژێیەک بوونی نییە، مەگەر و ئەنیا لە ڕێگەی کردەیەکی پێکهێنانەوە نەبێت (( Acte de construction . ئەمەش بە ڕێکەوت نییە ،کانێک گرێ و گۆڵێکی کۆمەڵایەتی پەیوەندە بە پەیبردن بە دونیای کۆمەڵایەتی و چینەکانەوە، هەمانجۆر لە دژبوون دەبینین. دوو هەڵوێستی دژبەیەک هەیە بە شێوەی سادەو ڕوون و ڕاستەوخۆ خۆیان دەرناخەن کە ئێمە پێشنیازی دەخەین: بۆ هەندێک چینە کۆمەڵایەتییەکان ئەنیا لەسەر زەمینەی واقیع((Realiteبوونیان هەیە، ئەنیا کاری زانستیش نوسینەوەو ئۆمارکردن و سەرنجدانە لێیان. هەندێکی تر لەو بڕوایەدان، چینە کۆمەڵایەتییەکان، دابەشبوونە

کۆمەڵایەتییەکان، پێکهاتون و زانایان و بکەرە کۆمەڵایەتییەکان پێکیان هێناوە و دروستیانکردووە. ئەوانەی دەیانەوێت بوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان ڕەتبکەنەوە زۆر جاران وا باسی چینە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن بەرهەمی پێکهاتووە سۆسیۆلۆژییەکانن. بەڕای ئەوان چینە کۆمەڵایەتییەکان بونیان نییە، بەڵکو ئەنیا زانایان هەن بۆ پێکهێنان و دروستکردنیان. بە خێرایی دەیڵێم، یەکێک لەو کێشە بنەڕەتیانەی ئێۆری پەیبردنی کۆمەڵایەتی پێشنیازی دەکات، کێشەیەکە پەیوەندە بە پەیوەندیی نێوان هوشیاریی سۆسیۆلۆگەکان و وشیاری گشتییەوە. ئایا کردەی دروستکردن بەرهەمی زانایەکە یان بەرهەمی خەڵکە؟ ئایا خەڵکی جۆرگەلێکی پەیبردنیان هەیە؟ لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ پەیوەندی چییە لە نێوان ئەو کائیگۆریانەی زانست دروستیان دەکات، لەگەڵ ئەو کائیگۆرییانەی بکەرێکی ئاسایی لە پراکتیزەکانیدا بەکاریدێنێت). دەگەڕێمەوە سەر پرسیارە بنەڕەتییەکە: جیهانی کۆمەڵایەتی چۆن وەردەگیرێت، ئەو ئێۆری زانینە چییە ئێمە جیهان لە ڕێگەیەوە وەک ڕێکخراوێک دەبینین؟ ئێۆری واقعی پێماندەڵێت چینە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زەمینەی واقعی بوونیان هەیە. دەتوانرێت لە ڕێگەی ئاماژە بابەتییەکانەوە بیێورێت. دەکرێت ئاکە بەرهەڵستکاری و ڕوبەڕووبوونەوە بە ئێۆری واقعی ئەوە بێت، هیچ دابڕانێک لەسەر زەمینەی واقع بوونی نییە. بە دەستهاتووەکان بە بەردەوامی و هەمیشەیی دابەشدەکرێت، وەک چۆن دەتوانی زۆربەی ئایەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان بگەڕێنینەوە بۆ ئاکەکان. ئەمە لەکاتێکدا پێکهێنان و دروستکردنی زانستیانە، تەنانەت پەیبردنێکی ئاسایی وایدەبینێت دابڕان و پچڕپچڕبوون هەیە، لەو شوێنەی چاودێرێک بەردەوامییەکە دەبینێت.

بۆ نمونە. بەڵگە نەویست و گومانهەڵنەگرە لە گۆشەنیگایەکی ئەواو ستاتیستیکییەوە، ئەستەمە بڵێین لە کوێدا سنوری هەژاری کۆتایی دێت و سنوری دەوڵەمەندی دەستپێەکات. لەگەڵ ئەمەشدا هوشیاری گشتی Conscience Commune))خەڵک لەو بڕوایەدایە دەوڵەمەندی و هەژاریش بوونیان هەیە. هەمان شت پەیوەست بە لاوان و بەساڵاچوان. سنوری گەنجێتی و لاوێتی لە کوێدا کۆتایی دێت؟ سنوری پیری و بە ساڵاچون لە کوێدا دەوەستێت؟ لە کوێدا شار کۆتایی دێت و لە کوێدا کەنار و دەوروبەری شارەکان دەستپێدەکات؟ چ جیاوازییەک لە نێوان گوندێکی گەورەو شارێکی بچوکدا هەیە؟، پێناندەوترێت ئەو شارانەی زیاد لە 20000 بیست هەزار سەرنشینی تێدا بێت، زیاتر پشتگیریکراوە لەلایەن چەپەوە، زیاتر لەو شارانەی دانیشتوانی لە بیست هەزار 20000 کەمترن. بۆچی بیست هەزار 20000؟ ناچارکردنی ئەم دابەشبونە بۆ گفتوگۆ زۆر پاساوەرە، ئەمە یەکەمین دژبوونە: دابەشکردنەکان

هوسریل

**ئەگەر نمونەی چینە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرین، ئەمە بە ڕێکەوت نییە، بەڵکو کارێکە سۆسیۆلۆگەکان پێویستیانە بۆ ئەوەی بیربکەنەوە لە ڕیالیتێ**

دروستکراون یان ئەنجامگیرییں؟ (Construites ou Constatees)

لە پاش ئەوەی یەکەم دژبونەوەمان لەبارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەوە پێشچاو خست(ئێمە دونیای کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی دروستبونییەوە دەناسین یان لە ڕێگەی بە پێدراوبونییەوە؟). دەمەوێت لە ئێرمێکی سیاسیانەدا سەرلەنوێ پێشچاوی بخەمەوە،(با ئێمە ئەو چەمکانەی بە «یزم isme»» کۆتای دێت، بخەینە ناو دوو کەوانەوە: زۆربەی ئەم چەمکانە، هەروەک لە مێژووی هونەریشدا لە ئەدەب و فەلسەفە و ئیدیۆری سیاسیشدا، چەمگەلی مێژووین و لەپێناو پرکردنەوەی خواستێکی گفتوگۆ هاتونەتەکایەوە، لە کۆنتێکستێکی مێژوی زۆر ئایبەتدا، لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم کۆنتێکستە و دور لە سنورو قەڵەمڕەوییەکەیە بەکاردەهێنرێن، بەم شێوەیە بەهایەکی پێدەدرێت لەسەرو کۆنتێکستە مێژ و ییە کیە کە یە و ە ( بە ها یە کی بان مێژویی Une valeure transhistorique )، ئەمەش لە بەکارهێنانیاندا کەمێک دڕندەییە، دەچمەوە سەر زنجیرەیەک لەو چەمکانەی بە(یزم)کۆتایین پێدێت. دەگەڕێمەوە بۆ دژایەتیی دووەم، زیاتر سیاسییە. ئەوەی دەتوانین لە نێوان بابەتگەراییەکی زانستی Objectivisme scientist))و ئیدیۆری، هەرەوەها خودگەرایی یان خۆبەخۆ و خۆڕسکدا Subjectivisme ou spontaneisme))خۆی هەڵسپاردووە. ئەمەش یەکێکە لەو کێشانەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بیری سۆسیۆلۆژی بە جۆرێک مۆنۆپۆڵکردوە، نەریتی مارکسیزم بە(گرفتی وێرانبوونی کۆتا Catastrophe finale)) ناوزەدیکرددوە. ئەم گرفتە ڕەنگە لەم بە گەورەیی و فراوانی بەم شێوەیە فۆرمووڵە کرابێت: ئایا شۆڕش دەرئەنجامی درێژبونەوەیەکی ناچارییانەیە Deroulement fatal)) لەناو لۆژیکی مێژودا ئۆمارکراون، یاخود دەرئەنجام و بەرهەمی کردەیەکی مێژوییە Une action historique) ?). ئەوانەی لەو بڕوایەدان، ئێمە دەتوانین مەعریفەو زانینمان بە یاسا چەسپاوەکانی ناو دونیای کۆمەڵایەتی هەبێت، و لە کارایانەوە چاوەڕوانی(کۆتا وێرانەبوون)ن، ئەمانە لەگەڵ ئەوانەدا وێکنایەنەوە، کە یاسا مێژوییەکان ڕەندەکەنەوەو جەخت لەسەر باڵابوون و سەروتر بوونی پیراکسیزیانە دەکەن، لەگەڵ بابەت و کردە مێژوییەکەدا لەسەر بنەمای یاسا نەگۆڕو جێگیرەکانی مێژوو.

ئەم دژبەیەکییەی لە گوزارشتێکی زۆر سادەو ساکاردا بەرهەمهاتون لە نێوان زانستیگەرایەکی حەتمی و ناچارخواز Le ((scientisme deterministe لەگەڵ خودگەرایەک، یاخود خۆڕسکی و هەرلە خۆوە، بە ئاشکرا و زۆر بە ڕونی لەبارەی چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە.. ئەگەر نمونەی چینە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرین، ئەمە بە ڕێکەوت نییە، بەڵکو کارێکە سۆسیۆلۆگەکان پێویستیانە بۆ ئەوەی بیربکەنەوە لە ڕیالیتێ و ئەوەی هەیە لە سەر زەمینەی واقع، وانە شتێک لەسەر زەمینەی واقعبونی هەیە، بە مانای لە یەککاتدا لەناو دابەشکارییە بابەتییەکانی ئایبەتمەندییەکان لەناو و لە زەینی ئەو خەڵکانەی بەشێکن لە واقیعە سۆسیۆلۆژییەکە. ئەمەش گرفتێکی زۆر ئاڵۆزە بۆ بیرلێکردنەوە، لە کاتێکدا پرسەکە پەیوەستە بە بیرکردنەوە لەوەی گەلێ بیری پێ ڵێدەکەینەوە، ئەمەش گومان هەڵناگرێت لەوەی دیاریکراو سنور بۆ دانراوە لە کەمترین بەش و پارچەدا لە ڕێگە ئەوەی دەمانەوێت بیری لێبکەینەوە: کەوانە من بەختێکی باشم هەیە، ئەمە بەوپەڕی ڕاستگۆیی ودڵسۆزییەوە دەبێژم، بۆ ئەوەی قسەو باس لە بابەتەکە نەکەم، وەک ئەوەی پێویستە و دەبێت وا بێت.

لە سیاستدا گرفتی مەعریفە بە شێوازێک پێشچاو دەخرێت، وەک ئەوەی پرسێکە لە پەیوەندیی




نێوان پارتەکان جەماوەر، زۆر لەو پرسیارانەی لەمبارەیەوە پێشنیازکراوە، گواستنەوەیکی ناوشیاری یان وشیارانەی پرسیارە کلاسیکییەکانی فەلسەفەی مەعریفەن لە پەیوەندیی نێوان سوژەو وئوبژە. سۆسیۆلۆگێکی وەک سارتۆری (Sartori)ڕێگەخۆشکەرو گەشە پێدەری ئێزی سەرو خودگەرایی بووە بە پاڵپشت بە لۆژیک و ئوندیی و پتەوییەوە، ئەو دەپرسێت ئەگەر بنەما و پرەنسیپی جیاوازییەکان لە دۆخی چینی کرێکاراندا لە ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئیتالیا لەناو مێژوویەکی ڕێژە سەربەخۆ دایە لە بەرانبەر پارتەکاندا، وانە ئەم بابەتە کۆییانە بە ئوانان لە دروستکردنی واقعێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی نوێنەرایەتیکردنیانەوە (representations)، یان لە ڕێگەی واقعێکی سۆسیۆلۆژی هاوشێوە. ئەمڕۆ گرفتەکە بە شێوەیەکی زۆر دیاریکراو پێشچاو دەخرێت: پارتەکان گوزارشت و بەیانکاری جیاوازییەکانن یان بەرهەمهێنەرین؟ بە شۆین پێهەڵگرتنی ئەو ئیۆرە نێوەندگیرییە واقعییەی نێوان و خودگەرایەکی زیادەڕۆ و بابەتگەرایی زیادەڕۆ، کە لۆکاش گوزارشتی لێدەکات، پارتێک هیچ ناکات جگەلە دەرخستن و کۆکردنەوەو بانگەشەکردنی جەماوەر بۆ خۆی، ئەمەش بە گوێرەی ئەو میتافۆرەی منالبوون.

ئایا ئەم دژایەتییە، دژایەتیی گۆشەنیگاو ئیرۆانینی ئیۆری مەعریفەو دژایەتی ئێروانینی کردەی سیاسیانەیە، کە ناتوانرێت یەک بە ئەوینر بگۆڕدرینەوەو و جێگۆرکێیان پێبکرێت؟ ئەگەر وا پێویست بێت لە سەرمان لە فەزایەکی ئیۆری دیاریکراودا، بیرمەندە جیاوازەکانی دونیای کۆمەڵایەتی دابەشبکەین، ئەمەش بەپێی هەڵوێستیان سەبارەت بەم دوو کێشەیە، ئێبینی ئەوە دەکەین وەڵامەکان سەربەخۆ نین. لە زەمینەی ئەنترۆپۆلۆژیاو، لە شوێنەی پرسەکە بە شێوەیەکی سیاسی ڕوت بەرچاو ناخرێت، دابەشبونە سەرەکییەکە ئەو دژیەکییەیە لە نێوان خودگەرایی و بابەتگەراییدا دەردەکەوێت. نەرینی بابەتخوازی دونیاو جیهانی کۆمەڵایەتی بەو شێوەیە دەبینێت، دونیایەکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆیە لە بکەرەکانی، ئەوانەی لەسەر بنەمای ئیرۆانینی چاودێرێکی بیلایەن ڕاوەستاون و هیچ پەیوەندییەکی بە کردەوە نەبێت، بەسەر ئەو دونیایەی چاودێری دەکات خەریکی باڵە فرێیە. ئینئۆلۆگ کەسێکە خەریکی پێکهێنانی ئۆمارکردنی نۆنەیەکی نەنوسراوی مۆزیکە کردەی ئەو بکەرانە ڕێکدەخەن، کە لەو بڕوایەدان هەر یەک لەمان مۆزیکو نەنوسراوەتەوە و لە ڕێگەیەوە کردە و کاری بکەرەکان ڕێکدەخات ، ئەمە لە کاتێکدا و لە واقیعدا، لەوەی پەیوەندە بە ئاڵوێری ژن و ژنخوازی و هاوسەرگیرییەوە، لەو بڕوایەدایە هەرکەس میلۆدی خۆی ئامادە دەکات، بەپێی ئەو ئاڵو وێرە ئایبەتەی لە چەشنی ئاڵووێری زمانەوانیی(linguistiques echanges)، ئەمەش بە پێی

سیستەمێکی یاسایی بااڵوبەرز، هەروەها سارتەر لە کتێبی( ڕەخنە لە ئەقڵی دیالێکتیک Critique de la raison dialectique، )، ئەمەی بە ڕوونی وەرگرتووە لە بەرانبەر لیڤی شتراوس و کاریگەیی بەو شتبونەی Reification )) بابەتگەرایی بەرهەمیهێناوە. شۆتز یەکێک لە قوتابییەکانی هۆسێرل، فینۆمینۆلۆژیایەکی لە ئەزمونی ئاسایی دونیای کۆمەاڵیەتییەوە دروستکردووە . هەوڵی ئەوەی دا باس و وەسفی ژیان و شێوازی ژیانی بکەرەکانی ناو دونیای کۆمەاڵیەتی بکات لە دۆخێکی سادەیی و ساویلکەییدا، لێرەوە ئەم نەرینە درێژ بوویەوە بۆ وااڵنە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەژێر ناوی ئێتنۆمینۆدۆلۆژیدا (Ethnomethodologie))دەرکەوت، ئەمەش جۆرێکە لە فینۆمینۆلۆژیای ورد لە ئەزمونی خودگەراییانە بۆ دونیا . ئەمەش ئەو ئەتنی نێزە ڕەهایەی وەسفی بابەتگەراییە. وەک ئەوەی چەند دەقێکی کۆفمان پێشنیاری دەکات، جیهانی کۆمەاڵیەتی بەرهەمی کردەی ئاکەکانە، دور لەوەی بکەرەکان ڕابەرایەتییەکی بەرپرسیارانە بکەن، چونکە پلەبەندیی بوونی هەیە، ئەمەش نە کۆنایی کردەی ئاکەکانە لە ڕێزگرتن و جیاوازی، هەرەوەها لە ڕێگەی بەرهەمی پلەپەندییەوە بە کۆنا دەگات، هەر ئەمەیەو پاشان نێوەگالنی سیایانە دەبینین، لە الیەکەوە، زمانی بونیادە بابەتییەکانی هردن، پەیوەندیی هێزی بابەتییەکان (Force objectifs))، و لەالیەکی ئەرەوە سەربارخستنی کۆمەڵێک کردەی ڕێزگرتنی ناکۆنائامێز بابەتی بوونی پەیوەندیە کۆمەاڵیەتییەکان دروستدەکەن. لەالیەکەوە ناچاری و زۆرە ملێیی، لەالیەکی ترەوە ئازادی و خۆڕسکی و هەڕەمەکی(ئەگەر هەموان ڕێگر بوونایە لە سااڵوکردن لە گەورەو پلەدارەکان ئەوکاتە گەورەکان بوونیان نەدەبوو، هەروەها...)باشی ئەو دەبینین ئەمە گرەو بارمەتکارییەکی گرنگە، لە هەمانکاتدا ئەوەش دەبینین جیاکردنەوەی گرفتی مەعریفە لە گرفت و گیروگازی سیاسەت لەسەر زەمینەی کۆمەڵگە دابەشبووەکان بۆ چینی کۆمەاڵیەتی قورس لەسەر زەمینی کۆمەڵگە دابەشبووەکان بۆ بۆ چین و سۆسیۆلۆژیا کارێکی قورسە بە بەراورد بە ئینۆلۆژیا، لەوەی بە بەردەوامی دەیکەین لە جیاکردنەوەی گرفتی مەعریفە لە کێشەی سیاسی.

لە ترادیسیۆنی مارکسیدا، ململانێیەکی هەمیشەیی و بەردەوام هەیە لە نێوان ئاراستەی بابەتگەراییەک، کە لە زەمینەی واقعیدا بۆ چینە کۆمەاڵیەتییەکان دەگەڕێت( «لێرەوە گرفنە ئەزەلی و هەمیشەییەکە دێنە بوون « ژمارەی چینە چەندن؟» )لەگەڵ ئیۆرێکی ئیرادەگەری و خۆڕسک، یان هەرەمەکی کە وایدەبینێت چینەکان شنگەلێکن ئێمە دروستیان دەکەین . لەالیەک لەبارەی هەلومەرجی چینایەتی و لەالیەکی ترەوە لەبارەی هوشیاری چینایەتییەوە قسە دەکەین. بە ڕویەکدا قسەوباس لە سەر پێگەکان دەکەین لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا، لەالیەکی ترەوە باس

لە ململانێی چینەکان و کردەی خۆ ڕێکخستنەوەیان دەکەین. ئێڕوانینی بابەتیانە زیاتر ئێڕوانینی زانایە (savant)). ئێرشوانینی هەڕەمەکی و خۆڕسکانە ئێڕوانینی خەباتگێڕو چالاکوانانە. لەو بڕوایەدام ئەو هەڵوێستەی بەرانبەر کێشەی چینایەتی وەریدەگرین، دەکەوێتە سەر ئەو پێگەیەی پێوەی سەرقاڵین لەناو سنراکنۆر و بونیادی چینایەتیدا. لە کارێکی ئۆژێنەوەیمدا کە ماوەیەک پێش ئێستا ئەوام کرد، کۆمەڵێک گرفتم پێشچاوخست، دەمەوێت لەم ئێوارەشدا پێشچاوی بخەمەوە. پەیمانگایەکی ئاماری نمونەیەکی وەرگیراویان بۆ پێشنیار کردم، لەبارەی وتنەوە، چیان هەیە بیڵێن لەبارەی مارشەی، فرانسوا مینیران، ژیسکار، ژاک شیراک، پۆنیاتۆفسکی، سێرقان شرێیبەر، هەڵبەتە ئەمەش بەپێی بنەمای(گەمەیەکی چینی)(«ئەگەر شتەکە داربوو دەبێتە چ داربک؟»)، ئەگەر داربک بێت، ئەوان بیر لە سورەچنار، یان بەرزە چنار دەکەنەوە؟ ئەگەر ئۆتۆمۆبیل بێت، ئەوان بیر لە ڕۆلس، پۆرشە، یان ئۆتۆمۆبیلێکی بچوک کە کێشەکەی دوو ئەسپ بێت دەکەنەوە، هەروەها.....وا دەردەکوێت ئەمە پەیوەندی بە گەمەیەکی کۆمەڵگەیەکی بێئەنجامەوە هەبێت. لە پاش ئەوەی داوایان لێکرابوو پەیوەندی دروستبکەن لە نێوان دوو زنجیرەی ئەو بابەتانەی هیچ چەمکێکیان لە بارەیەوە نییە، وانە زنجیرەیەک لە کەسانی سیاسی لەلایەک و زنجیرەیەک لە بابەت لایەکی ترەوە. کەسەکان زنجیرەیەک ئایبەتمەندی و خەسڵەتی هەماهەنگ بەرهەمدێنن، بۆ سیرقان- شرێیبەر بۆ نمونە ئەم دراوە دەبێت: ئەگەر دار بێت، ئەو خورما دەبوو ،ئەگەر بنچینەی خانو بوایە ، ئەو پارچەیەکی شمەکی بنچینەیی بوو لە لای کنۆڵ، ئەگەر ئۆنۆمۆبیلێک بوایە، ئەوا پۆرش دەبوو، ئەگەر خزم بوایە، زاوا دەبوو. لە میانەی ئەم فکرەیەوە «ئۆ منت بینی « «چاونروکانێک « پەی بە حەقیقەتی جەوهەریانەی ئەو بۆرژوازییە نوێیە دەبەین، کە سێرقان-شرێیبەر ئێیدا بەشدار(لە ڕاستیشدا جۆرێک لە بناغەی ماڵداریان هەیە لە جۆری کنۆل لە پاریس). بە مانایەکی تر پێشبینیکردن و هەستکردنێکی گشتگیر بۆ کەسێک هەیە بە سیفەتەی هەڵگری(شێوازو ستایلێکی چینایەتیانەیە لە کۆمەڵگەدا، لەکاتێکدا شتە سروشتییەکان(دارو درەخت و گوڵو گوڵزار و هتد) لە پێشینەدا داڕێژراو نین لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە و بە ڕێگەیەکی کۆمەڵایەتیانە، ئەوان کاتێک فۆرمولە دەکرین لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی نمونەی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام جوان و سەرو قژ ڕازاندنەوە(کڵاوی کراوەو بازنەیی، کڵاوی فەرمی، کاسکێت، بێری ....)یاخود یارییەکانی لە چەشنی(بریدج و بۆلۆت.. هتد) ئەمانە کۆمەڵە شتێکن پێشوتر لەسەر زەمینەی واقعی پۆلێنکراون، لە ڕێگەی دانانی بێری، یان کاسکێت و کڵاو، یان دەرچون بەسەری ڕووت و چەندینی تر. خەڵکی خۆیان پۆلێندەکەن و ئەزانن ئەمە دەکەن. ئەو پۆلێنکردنانەی سۆسیۆلۆگێک دەیکات، پۆلێنکردنێکە بە پلەی دووەم دێت. ئەتوانین بڵێین ئە سیمایانەی لە خەڵکی دەوەشێنەوەلە دەرک و پەیبردنێکی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش مانایەکی کەم و زۆر و بە نزیکراوەیی سۆسیۆلۆژیانەی هەیەلە پێشبینیکردن و هەستێکی کردەیی دروستکراو بۆ سازاندنی لە گەڵ واقعی کۆمەڵایەتی و ئام و بۆکردندا.

**لە تراديسيۆنی ماركسيدا، ململانێيەكی هەميشەيی و بەردەوام هەيە لە نێوان ئاراستەی بابەتگەراييەك، كە لە زەمينەی واقعيدا بۆ چينە كۆمەلايەتييەكان دەگەڕێت**

دەستەکەم بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی لە سەرەتای قسەکردنمەوە پێشچاوم خستبوو. نوێنەرایەتیکردنی دونیای کۆمەڵایەتی ئۆمارکردنێکی سادەو ساکاری ئەو دابەشبوون و بەشبەش بوونەیە لەسەر زەمینەی واقع بە ئەنها، یان پێکهێنراوێکە ئەنجامی پراوەکردنی نمونە پۆلێنکراوەکاندا چنگمان دەکەوێت؟ خەڵکی ژیانیان لە پۆلێنکردنی خۆیاندا بەسەر

**لە ژیانی ڕۆژانەدا، ئێمە کاتمان لە بابەتیکردنی ئەویتردا بەسەر دەبەین. ئەمە ئەویتر دەخزێنێتە ناو یەکێك لە خەسڵەتەکانیەوە، وا باشترە شاراوە بێت**

دەبــەن. ئەنیا بـە شوێنکەوتنی شـنـەکـان ئـەمـە پۆلێنکردنێکی پێشینەییە( لە ڕێگەی بەشداریان لە چینی بکەرەکاندا)، هەروەها لــە پـۆلـێـنـکـردنـی ئـەوانـی ئـر، ئەوانەی خۆیان پۆلێندەکەن، لە شوێنکەوتنی ئەو بابەتانەیە پۆلێنی دەکەن، کەوائە کارەکە پەیوەستە بــەو شـنـەوە لـە خـودی بابەتی پۆلێنکردنەکەدایە، بکەرەکانیش هەمان سیستمەمی پۆلێنکردنیان هەیە، لەسەر ئەمەوە دەتوانین بڵێین دوو ڕژێـم لە بابەتگەرایی بوونی هەیە: ئەو چینە بابەتیانەی ئەتوانم لەسەر بنەمای داهـاتـ و بڕوانامەی زانستی و ژمارەی منالان و ..هتد دروستی بکەم، پاشان ئەو چینە بابەتیانەی بە سیفەتێک بوونی هەیە لە زەینی کۆی ئەو بکەرانەی ملکەچی پۆلێنکردنە زانستییەکانن ئەم چینبەندییە جیگەی مشتومڕو ملمالانێی نێوان بکەرەکانە، لە یەکێک لە ئێزەکانیدا لەبارەی فیۆرباخەوە، مارکس دەڵێتـ بەدبەختی مانریالیزم وای کـردووە، یان ئەو فکرەی بۆ ئیدیالیزم جێهێشتووە، کە بابەتـ و شتـ بەرهەمی دروستکراوەکانمانن، مانریالیزمی وەک ئیۆرییەکی مەعریفی چـوانـدووە کـە وێنای دونیا دەکاتـ، لە کاتێکدا مەعریفە بەرهەمهێنراو دراوێکی پێکەوەیی و کارێکی کۆیی و گروپیە، بەڵام وەک ئاماژەم پێدا، ئەم بەرهەمهێنانە دژ پێچەوانەن Antagoniste) .سیستەمی پۆلێنکردنەکان دراو بەرهەمی کۆمەڵایەتین، لەبەرئەمەشە جێگەی ملمالانێی بەردەوام ملمالانێ لەسەر کـراون. ئـەواوی ئەمانەش ڕون نییەو و زۆر ئەبستراکتە، بەڵام دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ ئەو شتانەی زۆر بەرجەستەو کۆنکرێتین. با نمونەیەک وەرگرین: پرۆتۆکۆڵ و پەیمانە گرووپییەکان ئۆمارکردنی ملمالانێ کۆمەڵایەتییەکانن لە نێوان خاوەنکار و سەندیکاکاندا، هەروەها ملمالانێ لەسەر چی؟ لەسەر وشەو پۆلێنکردن و خشتەکان. زۆربەی ئـەو وشـانـەی بە دەستمانەوەیە بۆ قسەو بـاس لـەبـارەی دونیا و جیهانی کۆمەڵایەتییەوە دەچێتە ناو شاردنەوەو جوانبێژی و جنێو و ئوانجەوە L،euphemisme et L،injurr )): ئێمە «گوندیمان هەیە plouc»ئەمە جنێو سوکایەتیکردن و بـە کـەمـزانـیـنـە،» جوتیارمان agriculteur» هەیە، ئەمە جۆرێکە لە شـاردنـەوەو ئیوفۆمیزمە، لە نێوان هەردوکیاندا «وەرزێرمان « paysan هەیە. هیچکاتـ وشەی بێلایەن بۆ قسەوباسکردن لەبارەی دونـیـاو جیهانی کۆمەڵایەتییەوە بوونی نییە و هەمان وشە هەمان ئەو مانایەی نییە بە گوێرەی ئەو کەسەی گۆی دەکاتـ . با وشەی» بـــۆرژوازی بـچـوک یـان وردە -بـۆرژوا وەرگـریـن»: ئەم وشەیە کە کۆمەڵێک سیماو ئایبەتمەندی لەبارەی ئەم گروپەوە لە خۆیدا هەڵگرتووەو چـڕکـردوەتـەوە، لە ملمالانێی فەلسەفی و ئەدەبیدا وەک جنێو ئوانج بەکار دەهاتـ،(بۆرژوای بچوک، بەهارتـ فـرۆش و ....) سەرباری ئەوەی ئێمە هەرچییەک بکەین، وەک ئـامـرازی ملمالانێ دەمێنێتەوە.

لە ژیانی ڕۆژانەدا، ئێمە کاتمان لە بابەتیکردنی ئەویتردا بەسەر دەبـەیـن. جنێو و و ئوانجلێدان بە بابەتیکردنە(نۆ هیچ نیتـ جگە هند): ئەمە ئەویتر دەخزێنێتە ناو یەکێک لە خەسڵەتەکانیەوە، وا باشترە شـاراوە بێتـ، وەک دەوترێتـ دەیخزێنێتە ناو حەقیقەتی بابەتییونە. کەسێک دەڵێتـ: «من بەخشندەم و بـەرژەوەنـدیـخـواز نیم....»پێیدەوترێتـ: « نۆ لێرەیتـ تا ژیانتـ ببەینەوە» ئەمەش پلەی سفری خزاندنە.(مانریالیزم کەڵکەڵەیەکی هەیە بۆ چوونە ناو ئابوورییەکەوە کە وێک بێنەوە لەگەڵ کەڵکەڵەی خۆڕسکانەو هەڕەمەکیانە بۆ ئەو ملمالانێیە ڕوژانـەیـەی پۆلێنکردن کاری خزاندن و پاڵپێوەنانی ئەویترە بۆ ناو حەقیقەتی بابەتییونی، بەڵام ئەو خزاندن و پاڵپێوەنانەی زۆر سەرەتایی و بنەڕەتیی، خزاندن و داشکاندن دابەزاندنێتی و پاڵپێوەنانە بۆ ناو بەرژوەندیی ئابوری.

لە گوزراندن و پراکتیزەکردنی

ژیانی ڕۆژانــەدا، ململانێی نێوان بــابــەتــگــەرایــی و خــودگــەرایــی بەردەوامە، هەموو کەسێک هەوڵی سەپاندنی وێــنــەی خــودی خۆی ئەداتْ، وەک ئەوەی نوێنەرایەتی و وێناکراوی بابەتی بێتْ. هەژمونکار (Le dominant))ئـــــەو کەسەیە ئامرازەکانی سەپاندن و چەسپاندنی وێنەی خۆی بە دەسنەوەیە، ئەو وێنەیەی کە دەیەوێتْ لە ڕێگەیەوە وێــنــەی خــۆی لــە ســەر هەژمون لەسەر کراو Domine ))و ببینێتْ. لە ژیانی سیاسیشدا هەموو کەسێک لە هەمبەر نەیارو ڕکابەرەکەیدا بابەتگەرایە، لە لایەکی تْرەوە ئێمە هەمیشە بابەتگەراین بۆ ئەوانی تْر.

جــۆرێــک لــە تْــێــوەگــلان و هەماهەنگی و هەیە لــە نێوان کردەی بە بابەتێکردن و فۆرمێک لە تْیرۆرو تْۆقاندندا. مەیلکردن بــۆ بابەتْیبونێکی ڕەســـەن لە وێسنگە زانستییەکاندا پەیوەندە بە هەندێک پێگەوە لە جیهانی کۆمەڵایەتْیدا، بەتْاییەتْ بە پێگەی تْوێژەرەوە کە زاڵ و هەژمونکارە بەسەر دونیادا، ئەمەش لە ڕێگەی بیرکردنەوەو بیرەوە Par la pensee ))، ئەوەشی لا جێدەمێنێتْ، کە ئیدیایەکی لەبارەی دونیایەکەوە هەیە، سەخنە بۆ تْێگەیشتْن لە لایەن ئەوانەی لەناو کردەکەدا نغرۆ بوون. ئابوریگەرایی کەڵکەڵەی ئەو خەڵکانەیە زیاتْر لەبارەی ئابوریەوە شــارەزان. بە پێچەوانەی ئەمەوە، ئــەوانــەی ســەروکــاریــان لەگەڵ کــردار دایــە، زیاتْر هەڕەمەکی و خۆڕسکگەران. دژایەتْیی نێوان بابەتگەرایی و خــودگــەرایــی لە کرۆک و سروشتی شنەکان دایە، بــەڵــکــو ئــەمــە خـــودی ململانێ مێژوییەکەیە. مارکس بەخنێکی باش و گەورەی لە بەردەسنْدا بوو، لە بارەی ناسینی باکۆنینەکانەوە زیاتْر لــە خــودی باکۆنینەکان خۆیان، باکۆنینەکان هەلی گەورەو باشیان لە بــەردەســنْــدا بــوو، بۆ ناسینی حەقیقەتْی مارکس زیاتْر لە خودی مارکس خۆی. نانْوانین لە یەککانْدا مارکس و باکۆنینەکان بین. وەک چۆن نانْوانین لە یەککانْدا لە فەزای کۆمەڵایەتْیدا لە دوو شوێنی جیاوازدا بین( L،espace social). بوونمان لە خانْێکی فــەزای کۆمەڵایەتْیدا ڕوبەڕوی هەڵەی چاوەڕوانکراومان دەکــانــەوە: هەڵەی خودگەرایی، هەڵەی بابەتگەرایی. هەرکانْێک فەزای کۆمەڵایەتْی هەبوو، ململانێ بــوونــی هــەیــە، ململانێ لەپێناو هــەژمــونــکــردن، جەمسەرێکی هەژمونکارو جەمسەرێکی هەژمون لەسەرکراو بوونی هەیە Un pole dominant ، Un pole domine))، لەم کانەدا کۆمەڵێک حەقیقەتْی دژ بە یەک بوونی هەیە. هەرچییەک بکەین، حەقیقەتْەکان دژن. ئەگەر حەقیقەتْێک هەبێتْ، ئەوا حەقیقەتْ شوێن و بابەتْی ململانێیە.(S،il y a une verite ، c،est que la verite est un enjeu de lute)

لەو بڕوایەدام لەناو جوڵانەوە کرێکارییەکاندا هەمیشە ململانێی بـــەردەوام هــەبــووە، لــە نێوان مەیلێکی سێنترالیستْ، زانستی ئارەزوی سەرخستْنی ناوەندگەرایی و مــەرکــەزیــەتْــی هــەیــە، لەگەڵ مەیلی هــەڕەمــەکــی و خۆڕسک خوازیدا Spontaneiste))، هەریەک لــەم دوو مەیل و هــەواداریــیــە، لەپێناو پێداویستْییەکانی ململانێی ناوخۆیی حزبدا لە بارەی دژبونێکی واقعیانە لــەنــاو هــەنــاوی خــودی چینی کرێکاراندا: لایەنەکانی یەکەم بە قسەکردن لە لە بــارەی چینی ژێرەوەی کرێکاران(پەراوێزبوان»)و لایەنی دووەم لە بارەی دەسنەبژێری کــریــکــارانــەوە. ئــەم پــێــکــدادان و بەریەککەوتْنەش خودی مێژووە، بانگەشەکردنی یەکْناگەرایی و یەکْناخوازی((moniste)کە دەیەوێتْ لایبەرێتْ، ئەتْنی مێژوییە، لێرەوە تْۆقێنەرو تْیرۆریسنە.

نازانم ئەگەر بەڵگەکانم ڕاسنْبن. ئەوەی وتْم لە کۆتْاییدا بیرو باوەڕ نییە. لەو بڕوایەدام لە شیکارییەوە بەرهەمهێنراوە.

**سەرچاوە:**

Pierre Bourdieu. QUESTIONS DE SOCIOLOGIE . LES EDITIONS DE MINUIT 1984 ;

LE PARADOXE DU SOCIOLOGUE، P 8694–.

له دۆخی ململانێ و پەیوەندی نێوان هێزی دیاریکراوەدا، ئەوانەی مۆنۆپۆلی سەرمایەی تایبەتیانکردووە ئارەزومەندن بۆ کۆمەڵێک ستراتیژیەتی پارێزگاریخوازی

پییەر بۆردیۆ

کایەکان بۆ پەیبردن و نێگەیشتنێکی هەماهەنگ وا دەردەکەون، گوزارشتن لە کۆمەڵێک فەزای پێکهاتوو بونیادنراو لە پیگەکاندا، خەسڵەت و ئایبەتمەندییەکانیان پشتبەستووە بەو پێگانەی لەنێو ئەم فەزایانە دایە، دەتوانین بە سەربەخۆیی لە بکەرەکانیان شیکاریان بکەین. کۆمەڵێک یاسای گشتی هەن(DES LOIS GENERALES) بۆ کایەکان: کایە جیاوەزەکان لە نموونەی کایەی سیاسی و کایەی فەلسەفی و کایەی ئایینی، یاسای کاری نەگۆڕو جێگر بە خۆیان هەیە.(ئەمەش وا دەکات پرۆژەی ئیۆریکی گشتی کاریکی ساویلکانە(INSENSE))بێت، تا لێرەشەوە ئەتوانین ئەوەی فێربوینە بەکاری بخەین لەبارەی کاری هەر کایەیەکەوە، لە پرسیارکردن لە کایەکانی تر و شیکارکردنیان، ئەمەش بە تێپەڕاندن و جێهێشتنی ئەو دژبەیەکییە کوشندەیەیەی بە ناکرەهەندییەکی هێمایییانەوە La monographie ideographique))لە لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت(لەگەڵ ئەو ئیۆرە سادە و بەناڵەدا)، هەرجارێک لە کایەیەکی نوێ ئەکۆڵینەوە، جا چ کایەی فیلۆلۆژی سەدەی نۆزدەبێت، یان پرسی مۆدە لەمڕۆدا، یا ئایین لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کۆمەڵێک ئایبەتمەندی دیاریکراومان چنگ دەکەوێت، ئایبەت بە کایەیەکی دیاریکراوەوە. لە هەمان ئەوکاتەی مەعریفە گەشە پێدەدەین، لەبارەی میکانیزمە گشتییەکانی ئەو کایانەی ئایبەنکراون بە گوێرەی کۆمەڵێک گۆڕاوی لاوەکی. بۆ نموونە گۆڕاوە نیشتمانییەکان، بۆ نموونە، میکانیزمە جۆرییەکانی لەگەڵ هەژمون لەسەر کراوان، ئەمەش فۆرمی جیاواز لەخۆ چاویان بڕیوەتە پلەو پۆستێک لەگەڵ هەژمون لەسەر کراوان، ئەمەش فۆرمی جیاواز لەخۆ دەگرن، بەڵام ئێمە ئەوە دەزانین، لە هەموو کایەکاندا ڕووبەڕووی ململانێی نێوان ئەو ئارەزوو مەندانەی ئەمەش وا پێویستە دەکات لە سەرمان هەر جارەو لە فۆرمی ئایبەتیدا بۆی بگەڕێین. لە نێوان ئەوانەی دەچنە ژورەوە و هەوڵی شکاندنی قوفڵەکانی مافی چوونە ژوورەوە Sauter les verrous du droit d‹entrée ))ژوورەوە دەدەن، لەگەڵ ئەو هەژمونکارەی هەوڵی بەرگریکردن دەدات لەو مۆنۆپۆڵەی هەیەتی و کێبڕکێیەکە دور دەخاتەوە.

کایەیەک، با کایەی زانست بە گریمانەکاروی وەرگرین لە نێوان شتەکانی تردا، ئەو مەیدانبازی و گرنگیدانە سنوردار و سنوربەند دەکات، لەوەی نەبێتە جۆرێک لە مەیدانبازی و بەرژەوەندیی ئایبەت بە بەراورد بە کایەکانی تر چونکە ئەستەمە بۆ گرەو لە سەرکردن و خستنە ناو گرەوەوە(ئاتوانین فەیلەسوفێک بەوەوە سەرقاڵ بکەین، خەریکی مەیدانبازییەکانی ناو جوگرافیا بێت). ئەمەش کەسێک پەیتنابات ئەگەر ئامادەکراو نەبێت، بۆ چوونە ناو ئەم کایەوە(هەر گرنگی و بە هەند وەرگرتنێک وا دەخوازێت گرنگی بۆ کۆمەڵێک کار و بەرهەمهێنانی تر نەدرێت، کە وا مەحکوم کراوە بێهودەو نامەعقوڵ، نابەجێ و بێکەڵک ). بۆئەوەی کارەکان لە کایەیەکدا بە سروشتی و ڕێڕەوی خۆیان بڕۆن، پێویستە بە بوونی نەحەدی و گرەوکاری و بوونی کەسانێک دەکات ئامادەبن بۆ گەمەکردن، لەگەڵ ئەوەی خاوەنی هابیتوسێکن(Habitus)، کە شارەزاو ئاشنایان دەکات بە یاسا ئایبەتییەکانی گەمەکە، بە مەیدانبازییەکان و بڕیاردان لەسەریان و داننان پێیدا.

## قسەکردن لەبارەی سەرمایەیەکی تایبەتەوە بە واتای بەهای سەرمایەیەك و پەیوەند و پەیوەستە بە کایەیەکی دیاریکراووەوە، پاشان لە سنورو چوارچێوەی ئەم کایەدا

هابیتوسێک بۆ زمانناسێک لە هەمانکاندا پیشەیە و سەرمایەیەکی ئەکنیکی و سەرچاوەییە. کۆمەڵێک(بیروباوەڕ و ئیمان croyancesV)). وەک کەڵکەڵە و ئارەزویەکی سروشتی Propension))، لە پەراوێزەکاندا گرنگی خۆی هەیە وەک ئەو گرنگییەی بە نێکسنەکە دەدرێت، بەو پێیەی ئایبەتمەندیگەلێکن پەیوەندن بە میژووی نیشتمانی و نێودەوڵەتی پسپۆرییەکەوە، و پێگەکەی(وەک نێوەندو گەیەنەرێک)لە نێوان زنجیرەبەندی و ڕێکخستنە پسپۆرییەکاندا، ئەمەش لە هەمانکاتدا هەلومەرجی کارکردن و ئەرکەکانی کایەکەن لەگەڵ بەرهەمهاتوی ئەم ئەرکانە(بەڵام بە شێوەیکی یەکانگیر نا: هەرکایەیەک دەتوانێت وا خۆی بنوێنێت لە وەرگرتن و پێشوازیدا بێت، لەوەی چەندین ئایپی هابیتوس لەخۆ بگرێت، کە لەوە پێ بە زیادو بە کەمی پێکهاتوون.

بونیاد و ستراکتۆری کایەیەک دۆخێکە لە پەیوەندی هێز لە نێوان بکەرەکان و هێزەکان، یان دەزگا ناوەکییەکانیان ململانێکە، ئەگەر ویستمان لەگەڵ دابەشکردنی ئەو سەرمایە ئایبەتییەی لە سائی ململانێ ناوەکییەکاندا کەڵەکە دەبێت و ستراتیژەکانی دوائری ئاراستە دەکات. ئەم بونیادە، کە بنەمای ئەو ستراتیژیانەیە کە کار بۆ گۆڕینی دەکەن، ئەمانە خۆشیان جێگەی ململانێی و کێبڕکێن. مۆنۆپۆڵکردنی ئوندوتیژیی ڕەمزی(دەسەڵاتێکی دیاریکراو)، ئەمش ئایبەتمەندی کایەی مانایە، وانە بە کورتی پارێزگاریکردن لە بونیادو دابەشکردنی سەرمایە ئایبەتەکان، یان ڕوخاندن و وێرانکردنیان، ئەمەش ئەو ئەحەدیی و مەیدانبازییەیە ئەو ململانێیانەی، لەکایەکاندا ڕودەدات جیادەکانەوە.( قسەکردن لەبارەی سەرمایەیەکی ئایبەتەوە بە وائای بەهای سەرمایەیەک پەیوەند و پەیوەستە بە کایەیەکی دیاریکراوەوە، پاشان لە سنورو چوارچێوەی ئەم کایەدا، ئەمەش گونجاو و لەبار نییە بۆ ئاڵووێرپێکردن و گۆڕینی بە جۆرێکی ئری سەرمایە، مەگەر ئەنیا لەژێر سایەو چاودێریی هەلومەرجی ئایبەتیدا نەبێت. هێندە بەسە بۆ نمونە لە خەیاڵماندا شکستی(کاردان) بێنینەوە یاد، کاتێک ویستی ئەو سەرمایە کەڵەکەبووەی ناو ڕۆڵی فاشیۆن و نمایشی جلوبەرگ بگوازێتەوە بۆ ناو کولتوری باڵا و نایاب: دوایەمین ڕەخنەگری هونەری وای بینی کە ئەرکی ئەوە جەخت لەسەرکەوتنە بونیادییەکانی بکاتەوە، وەک ئەندامێک لە کایەیەکی شەرعی و ڕەوادا لەرووی ستراکتۆرەوە، بە بانگێشتخوازی و وتنی ئەوەی سەرجەم ئەو کارانەی کاردین لە بواری هونەری ڕەواو ڕێگەپێدراو بەم شێوەیە و بەرمەبنای سەرمایەکەی خراپترین نرخی یەکلاکردنەوەیە.

لە دۆخی ململانێ و پەیوەندی نێوان هێزی دیاریکراودا، ئەوانەی( بە شێوەیکی گشتی)مۆنۆپۆلی سەرمایەی ئایبەتیانکردووە وەک بونیاد و بنەمای هێزو دەسەڵاتێکی ئایبەت لە کایەیەکدا، ئارەزومەندن بۆ کۆمەڵێک ستراتیژیەتی پارێزگاریخوازی، وانە ئەوەی کە دایدەڕێژێت، لە کایەکانی بەرهەومهێنانی شمەکی کولتوریدا les champs de production de bien culturels))بۆ بەرگریکردن لە ئۆرنۆدۆکسیەت. ئەمە لەکاتێکدایە ئەوانەی کە سەرمایەیەکی(ئەمانە لە زۆر کاتدا هاتووە نوێیەکانن Les(nouveaux venus)، لە زۆربەی کاتەکاندا لاوان و گەنجانن)هەڵگری ستراتیژەتی ڕووخان و کاولکاری و وێرانکردنن، وانە ئیستراتیژی لادەران و heresie ))بیدعەو داهێنانی کاری نەخوازراو، ئەمەش لادان و داهێنانە بەو پێیەی دابڕانێکی ڕەخنەییە(Rupture

پیر بۆردیۆ

critique )لە بیروڕای باو باڵادەست DOXA))، زۆرجار ئەمەش پەیوەستە بەو قەیرانەی هەژمونکاران درز دەخەنە بیرەنگیانەوە و ناچارن بە گوناری بەرگریکردن لە ئەرسەدۆکسییەت. بیریکی ڕاست و ڕاستڕەوانە کە ئامانجی گەڕانەوەی ئەو هاوسەنگییە سازراوەی ناو بیرەنگی بیروباوەری باو و سەردەستە.(DOXA) .

ئایبەئمەندییەکی ئری کایە، بەڵام کەمتر ڕوون و دیارە، کۆی ئەو کەسانەی دەرگیرو پەیوەستن بە کایەیەکەوە، کۆمەڵێک بەرژەوەندی بنەڕەتییان هەیە، بە واتای کۆی ئەو شتانەی پەیوەندی بە بوونی خودی کایەکەوە هەیە، لێرەوە ئێوەگلانێکی بابەتی بەربڵاو دەردەکەوێت لە هەموو ڕکابەرییەکدا. ئێمە ئەوە لەبیر دەکەین، کە ململانێ و کێبڕکێ پیویستی بە سازان و پرۆتۆکۆلێک هەیە لە نێوان سەرجەم نەیارو ڕکەبەرەکاندا، لەبارەی ئەو شتەی کە شیاوە بۆ خەباتکردن، ئەمەش شاراوەیە لەوەی خۆی لە خۆیداو جێهێڵراو تەریککراوە بۆ دۆخی بیروڕای باو سەردەست، واتە کۆی ئەو شتانەی خودی کایەکە پێکدێنێت لەو گەمەو مەیدانبازییەکان، گرەو ... .کۆی ئەو گریمانانەی وەریدەگرین بە شێوەیەکی ناواخنی و شاراوە، لە دەرەوەی سنوری زانینی ئێمە لەبارەی کردەی گەمەکەو چوونە ناو گەمەکەوە.

ئەوانەی بەشدارن لە ململانێکاندا پشکدارن لە

بەرهەمهێنانداا، لە ڕێگەی بەشداریپان هەندێک جار بە شێوەیەکی نەواو بە گوێرەی کایەکە، لە بەرهەمهێنانەوەی یاریپەکە، لەگەڵ بەرهەمهێنانەوەی بڕوابوون بە بەهای گرەو لەسەر کراوەکان. ئەوانەی نازە دێن، وا پێویست دەکات لەسەریان باجی چوونە ژورەوە بدەن، کە داننان و ناسینەوەیە بە بەهای گەمەکەدا(هەڵبژاردنی هاوکاران و دەستەبژێر کردنیان پێویستی بە چاودێری و ئاگالێبونی زۆر هەیە، بە مەبەستی پەیوەستبوون و ئینتیماکردن بۆ گەمەکەو بەرهەمهێنان و بەکارخستن نێیدا) بە مەعریفەی «کردەیی» لەبارەی بنەماکانی گەمەکەوە، ئەوان سازێنراون بۆ سترانیژیەتی ڕووخان و وێرانکردن Subversion))، بەڵام بۆئەوەی دەریان نەکەن، لەناو سنورێکی دیاریکراودا گەمارۆ دەدرێن. لەسەروو ئەمەشەوە شۆڕشە بەشەکییەکان، ئەوانەی کایەکان بە بەردەوامی ڕووبەڕووی دەبنەوە، چاوناخشێنێنەوە بە بنەماکانی خودی یاریپەکەو بەڵگەنەویستە بنەڕەتییەکانی و بنەماکانی بیروباوەڕە پەیگیرەکان، ئەوانەی گەمەکەی لەسەر بونیادنراوە و لەسەری چەقی بەستووە. بە پێچەوانەی ئەمەوە لە کایەکانی بەرهەمهێنانی شمەکە کولتوریپەکانن: وەک ئایین و ئەدەب و هونەر، کودناو وێرانکاری لادەران بانگەواز دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ بنەماکان، بۆ سەرچاوەو زەینییەت و حەقیقەتی گەمەکە دژ بەو داڕمان و ئاساییکردنەوەو سادەکردنەوەی کایەکان ڕوبەڕوی دەبنەوە. (یەکێک لەو فاکتەرانەی کە یاریپە جیاوازەکان دەپارێزێت لە شۆڕشە گشتگیرەکان، ئەوانەی بە سروشت نەتەنیا هەژمونکارو هەژمون لەسەرکراو وێراندەکات، بەڵکو خودی گەمەکەش ئێکدەدات. ئەمەش بە دیاریکراوی گرنگی بەکارخستن و بەرهەمهێنانە لە کات و هەوڵ و کۆشش و ...هتد. ئەوەی کە چونە ناو گەمەکە ئەیسەپێنێت، ئەمەش وەک ئەزمونکردنە سروتیپەکان و ئێپەڕاندنی سروتەکان، وا دەکات و بەشدارە لەوەی ئێکدان و کاولکردنی گەمەکە ئەستەمبێت، بە ڕەهای جێگەی وەرگرتن نەبێت، لەسەریشەوە، کۆی کەرتە گشتی و ئەواوەکانی کولتوری - لە بەرانبەر زمانناسەکاندا من ناتوانم بیر نەکەمەوە لە زمانناسی، ئەمە دەپارێزرێت و پارێزراو دەبێت لە ڕێگەی ئەو نرخەوە دەخرێنە سەر بەدەستهێنانی زانیاری، ئەگەرچی لەپێناو ڕوخاندنیشیدا بێت لە فۆرمەکانی خۆ).

لە ڕێگەی ئەو مەعریفە کردەییەی هەمانە لەبارەی پرانسیپەکانی گەمەکە، بە شێوەیەکی ناواخنی و شاراوەیی لە هاتووە نوێیەکان دەخوازێت، کە مێژو و ڕابوردی گەمەکە لەهەر کردەیەکی گەمەکردندا ئامادە بێت. ڕێکەوت نییە کاتێک یەکێک لە ئاماژە زۆور دڵنیاکەرەوەکانی دروستکردنی کایەیەک، لەگەڵ بوونی کاریگەرییەکانی پەیوەندییە بابەتییەکانی ناو کارێکدا پێک بهێنرێت(ئەمەش زۆرجاران بە ئاگاییەوەیە)، لەگەڵ کۆمەڵێک کاریتری کۆن و نوێ، ئەمەش خۆی دەنوێنێت لە ڕێگەی دەرکەوتنی دوو گروپ لە پاریزگاران لەسەر ژیان و «ژیاننامەکان» لە نمونەی کتیبەکانی گێڕانەوەی ژیان، ژیاننامەو دانراوەکان و زمانناسەکان، مێژونوسانی هونەر و ئەدەب، ئەوانەی دەستدەکەن بە ئەرشیفکردنی دەستنوس و

پیر بۆردیۆ

کارە سەرەڕاییەکان، دەستنوسەکان لەگەڵ ساغکردنەوەیان(مافی ساغکردنەوە و پێداچونەوە، ئوندونێژییەکی ڕەواو ڕێگەپێدراوی زمانـاسـە(Violence legitime du philologue)شـیـنـاڵـکـردنـی شیفرەو کۆدەکان چەندینی ئر. ئەمانە ئەو کەسانەن پەیوەندیان بە پاراستنی ئەو شتانەوە هەیە لە کایەدا بەرهەمدەهێنرێت، لە بەرژەوەندییان دایـە پاریزگاری لێبکەن و بیپارێزن، پاراستنی خۆیشیان وەک ئەوەی پارێزەرن. ئاماژەیەکی ئر هەیە پەیوەندیی بە کاری کایەوە هەیە، ئەوەش دەستبەردارنبـونـە لـە جێپێ و پاشماوەو کاریگەری کایە لەناو بەرهەمهاتودا(ئەنانەت لە ژیانی بەرهەمهێنەریشدا).

وەک بەڵگەیەکی پێچەوانەیی، پێویستە شیکاری پەیوەندییەکانی نێوان وێنەکێشان وەک ئەوەی» هەڕەمەکی بێت «(واتە بەجۆرێک لـە هـەڵـەبـوون هـاتـوەتـە ناو کایەکەوە، ئەمەش بێئەوەی نرخ و باجی چونە ژورەوە بـداتْ ) وەک فـەرمـانـبـەری گومرکی ڕۆسۆ( وێنەکێشێکی فەرەنسییە، پێیاندەوت فەرمانبەری گومرک، چونکە لە بەشی گومرک لە پاریس کـاریـدەکـرد)، یـان هونەرمەندە هاوچەرخەکان، برایانی ژاری، ئەپۆلینێر یا پیکاسۆ، ئەوانەی گـەمـە دەکـەن(بـە مـانـی زۆر نـایـبـەتـی وشـەکـە لـە ڕێـگـەی هەموجۆرە فڕ و فێڵێکی چاک بە جۆرێک، ڕۆڵی ئەوەی خۆی ناپارێزیتْ لە گەمەکە و خەون بە کۆپیکردن و چاولێگەری بوگۆرۆ یـان بـۆنـا(Bougureau ou du bonnat )دەبینێتْ لە سەردەمی ئایندەخوازی و نەکعیبی، گەمەکە دەشکێنێتْ، بەڵام سەرباری ئەو، بێ پێزانینی ئەو بێ ئاگاداریکردن و ئاگالێبون وەک سەگێک لە گەمەی بەنەواوی نائاگایی و ناوشاریيەوە، بەپێچەوانەی کەسانی وەک دوشان یـان سـانـی، ئـەوانـەی لۆژیکی کایەکە بە شێوەیەکی باش دەزانن، بە شێوەیک یەکی پێدەگرن و لە هەمانکاتیشدا بەکاریدەخەن لە مەیدانبازی و قواستنەوەدا. وەک چـۆن پێویستە شیکاری مێژوی ئەو ڕاڤەکردنە بەدواداهاتوانەی کـارەکـە بکرێتْ. لـەبـارەی ئەو کارە هونەرییانەوەکە لە ڕێگەی شیکردنەوە و نەئویلێکی زیادەڕۆ دەخرێنە پۆلەکەوە، واتە مێژوو. وا لە وێنەکیشێکی لابەلاو هاوی دەکاتْ(پرانسیپە سنائیکایەکانی وینەکەی لە چەشنی پۆرنۆگرافی، ئـەوەی نـەوەیـەک چینی گشتی بەکاریدێنن و دەستیان پێوەگرتووە لە وێنە فۆنۆگرافییەکانیاندا) کاراو شیارو سەرنجڕاکێش بێتْ لە چەشنی شۆڕشگێڕییەکی بە ئـاگـاو وشـیـار. کـاریـگـەری ئری کایە هەیە، بەڵایبەتْ ئەوکاتانەی نائوانین لـە کارێکی هونەری نێبگەین(بەهاکەی، وانـە ئەو بڕوایەی پێیدەدرێتْ)بێنێگەیشتن لە مێژووی کایەی بەرهەمهێنانی کارە هونەرییەکە، لەم ڕێگەیەوە وا دەکـاتْ بوونی ڕاڤـەکـاران و کۆمێنتیاران و شیکارکاران و مێژونوسان و سیمۆلۆگەکان و زمانناسان وا خۆیان دەبینن و پاساو هێنەرەوەن، بەو پێیەی نەنیا کەسن

**ئەوەی کە چونە ناو گەمەکە ئەیسەپێنێت، ئەمەش وەک ئەزمونکردنە سروتییەکان و تێپەڕاندنی سروتەکان، بەشدارە لەوەی تێکدان و کاولکردنی گەمەکە ئەستەمبێت**

ئـوانای ڕاڤەکردن و دانانیان هەیە بەو کارە هونەرییەو بەهاکەی، وانـە بابەتەکە. سۆسیۆلۆژیای هونەر و ئەدەب، کانێک کارەکان ڕاستەوخۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ پێگەی بەرهەمهێنەران و شوێنیان لە ناو فـەزای کۆمەڵایەتیدا(لەناو چینە کۆمەڵایەتییەکەدا)بێئەوەی گرنگی بە پێگەی کارەکان بداتْ، لەناو کایەی بەرهەمهێنانیدا ئەمەش سەبارەتْ بە بەرهەمهێنەرانەو ئـەوانـەی کارەکانیان دەبینن. ئـەمـەش پـاسـاو نـادات، ئەگەر کارەکە پێویستی پێی هەبوو، نەنیا ساویلکەیی. کۆی ئەو شتانە دەشارێنەوە، کە کارەکە لە خۆی دەگرێتْ لە کایەو مێژووەکەیدا، وانـە بـە دیـاریـکـراوی ئـەوەی وایـلـێـدەکـاتْ کـارێـکـی هونەر یی یـان زانستی یـان فەلسەفی بێتْ. گرفتێکی فەلسەفی(یان

## جۆشدانی فەلسەفەی کانتی، لەو ڕێگەیەوە کە میتافیزیکیا بونیادو بنچینەی ئەو فەلسەفەیە کە بە شێوەیەک خۆی دەردەخات ڕەخنە بێت لە میتافیزیکیا

زانستی یان هەر شتێکی تر) ڕەوا، ئەو گرفتەیە کە دانی پێدادەنرێت،( بە هەردوو مانای وشەکە)لەلایەن فەیلەسوفەکان یان لەلایەن زانایانەوە،(چونکە لە لۆژیکی مێژووی کایەکەدا نۆمارکراوە، هەروەک چۆن لەو حوکمانەی لەرووی مێژوییەوە فۆرمولەی دەکەن، پێکی دێنن، ئەمەش بۆ گێڕانەوەو ئینێماکردنی بۆ کایەکە و لە ڕێگەیەوە، ئەمەش لە ڕێگای ئەو دەسەڵانە جۆرییە پێبەخشراوە، دەتوانرێت لە چوارچێوەکی فراواندا دانی پێدابنرێت بو شێوەیەی شەرعی و ڕەوا. تا لێرەوە نموونەی(سادەو ساکاری )زۆر ڕوکەشانەیە، ئەوانە کەسانێکن خۆیان بە شێوەیەک دەبینەوە کە فرێدراون، ئەمەش بەناوی پرۆپلیمانیکێک هیچ شێک لەبارەیەوە نازانن، لە پێگەیەکی وەک وێنەکێشان یان نوسەران(لەسەروی ئەمەوە شۆڕشگێڕانیش): گێڕانەوەو فلاشبەکە زارەکییەکانی ژان پییەر بریسیی و ئەو زنجیرە هاوکێشەییە دورو درێژە لە وشە و هارمۆنیەتی دەنگ و گواستنەوەی هەڕەمەکیانە لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر، بۆ کۆمەڵگەزانستی و دەسگوناڕە ئەکادیمیەکان، ئاراستەی دەکەن بە هەڵەیەک لە کایەکەدا ئاماژە بۆ بێگوناهی دەکات، بەو شێوەیەش دەمێنێنەوە وەک چۆن ئێمە لە سەرەتادا بینیمان، هەڵچون و هەڵشاخانی کەسێکی نەخۆش، ئەگەر(زانستی فێڵە ویناکراو خەیاڵکراوەکان Pataphysique))ی ژاری و ڕەگەزدۆزی و جوانگۆیی ئەپۆلینێر یا دۆشان و نوسینی ئۆنۆمانیکیانەی سوریالییەکان، ئەو گرفتانەی دروستنەکردووە کانێک لە ڕێگەی گەڕانەوەوە بۆیان مانایان پێدەدرێت. ئەو شاعیر- بابەتانە و ئەو وێنەکێش- بابەتانە، ئەو شۆڕشگێڕە بابەتیانەی دەردەکەون، هەر دۆخێک بەپێی خۆی و بە مانای خۆیێبینی دەسەڵات کایەکە دەگۆڕێت. ئەم دەسەڵاتەش موماڕەسە دەکرێت، ئەگەرچی بە شێوەیەکی کەمتر ڕوون و دیاریش بێت و زیاتر پاساو بۆ هێنراو بێت لە سەر کاری پسپۆڕەکان، بەو مانایەی مەعریفەیان بەرانبەر گەمەکە هەیە، بە واتی مێژوی گەمەکەو و پرۆبلێمانیکەکەی(ئیشکالیەتەکەی)، تێدەگەن لەوەی چی دەکەن،(ئەمەش بەو مانایە نایەت گەمژە بن)، بە شێوەیک ئەو ناچاری و پێویستییەی خۆیندنەوە پیرۆزەکەSacralisante))دێنێت بوون، بە شێوەیەکی بەڵگە نەویست و نەسەلمێنراو دەرناکەوێت وەک دەرهاویشتەیەکی ڕێکەوتیکی بابەتی(ئەوەی بەو پێودانگەی خۆی، بە شێوەیک وێکهاتنەوەو سازانێک سەرسوڕهێنەر دەسەپێنێت لە نێوان ئامادەگیی فەلسەفی و دۆخێک لە چاوەڕوانیی نۆمارکراو لە کایەکەدا). هایدگەر، زیاتر و ئیشپینگلەر یا یۆنجەر، کراونەتە ناو فرنی دڵۆپاندن لە کایەی فەلسەفەدا، ئەو زۆر شتی ئاسانی هەیە بۆ وتن: ئەکنیک، ئەمە داڕووخانی ڕۆژئاوایە. لە دیکارتەوە هەموو شتێک لە ئوانەوەدایەو بەرەو خراپی دەڕوات ، تا دوایی ....کایەکە، یان وردتر بڵێین هابیتوسەکە بۆ پسپۆڕان بە شێوەیەک کار دەکات پێشوتر بەپێی خواستی کایەکە دارێژرابێت(بۆ نمونە بە گوێرەی ئەو پێناسە باوەی بۆ گرفتەکانی ڕەوایەتی)وەک میکانیزمێک بۆ وەرگێران: بۆ ئەوەی کەسێک(شۆڕشگێڕێکی پارێزخواز بێت)لە فەلسەفەدا، وانە جۆشدانی فەلسەفەی کانتی، لەو ڕێگەیەوە کە میتافیزیکیا بونیادو بنچینەی ئەو فەلسەفەیە کە بە شێوەیەک خۆی دەردەخات ڕەخنە بێت لە میتافیزیکیا.

ئەم لادان و وەرچەرخانە سیستەماتیکیانەی گرفت و بابەتەکان، بەرەنجامی ئوێژینەوەیەکی وشیارانە نییە(ژماردن، گاڵتەجاڕیانە ..) بەڵکو دەرئەنجامێکی ئۆنۆمانیکییە،

کـە ئینئیماکردن بـۆ کایەکە دەیسەپێنێت، مێژوویەکی نایەنی بۆ دێنێنە کـایـەوە. فەیلەسوف بوونی کەسێک بە مانای لێهاتوویی و ئوانینی ئـەو کەسە دێـت لە ئوانین و لێهاتووییەی لە مێژووی فەلسەفەدا بۆئەوەی بئوانێت ئەوە بزانێت چـۆن هەڵسوکەوت و ڕەفتاری وەک فەیلەسوفێک لەناو کایەی فەلسەفەدا پێک دەنوێنێت.

پێویستە لـەسـەرم جارێکی تر لـەوە دڵنیا ببمەوە لـەوەی پرەنسیپ و بنەمای ئیستراتیژییە فەلسەفییەکان(یان ئەدەبییەکان، یان هەر شتێکی تر)ژماردنێکی گاڵتەجاڕانە نییە، و ئوێژینەوەو گەڕانێکی وشیاری و بە ئاگایانە نییە، لەپێناو زیادکردنی سودێکی جـۆری تـا ئـەوپـەڕ، بەڵکو پەیوەندییەکی ناوشیارانەیە لە نێوان هابیتۆسێک و کایەیەکدا Une relation inconsciente entre un habitus et un champ). ئەو ستراتیژیانەی قسەی لەبارەوە دەکەم. گوزارشتە لەو کردانەی بابەتیانە ئاراستەکراون، بەرانبەر بە ئامانجگەلێک، بە مـەرجـێـک ئـەو ئـامـانـجـانـە لە ئاکەکەسیدا نەبن. ئیۆری هابیتوس مەبەستێ لێی پێکهێنانی زانستێکی پراکتیکی و کردەییە کە ملکەچی ئەڵتەرناتیڤەکانی ئامانجخوازی و میکانیزمی نەبێت.(وشەی سود کانێک بە زۆر جاران بەکاردێنم، ئەمیش مـەتـرسـیـدارە، چونکە دەبێتە ئوتیلیتاریزێک کە پلە سفری سۆسیۆلۆژیایە. لەگەڵ ئـەمـەشـدا نابێت سۆسیۆلۆژیا بوەستێت لەسەر بەڵگەنەویستێکی وەک سوود، بە مانای بەکارخستن و بەرهەمهێنانی جـۆری گەمەو یارییەکان و ئەو شتانەی گرەو لە سەرکراون، بەڵکە لە هەمانکاتدا مەرج و بەرهەمی ئینئیماکردنە بۆ کایەکە. هابیتوس سیستمێکی لێهاتوویی لە ڕێگەی ڕاهێنانێکی ناواخنی و زمنی یان ئاشکراوە بە دەستدەهێنرێت، ئەمەش وەک سیستەمی بونیادی لەدایک بوون کار دەکات، کۆمەڵێک ستراتیژیەت دروستدەکات، کـە دەکـرێـت هاوشێوەو سازێنراو بێت لەگەڵ سـود و قازانجە بابەتییەکاندا، بـێـئـەوەی بـە شـێـوەیـەکـی بە ئەنقەست و ئامانجدار فۆرمولە کرابێت لەپێناو ئەم ئامانجەدا، پـاشـان ڕاهـێـنـانـەوەیـەک کە دەستپێکردن ئێیدا وا پێویست دەکـات خـۆ ڕزگـار بکرێت لە ئەڵتەرناتیڤێکی ئامانجخوازانەی ساویلکانەی کرچ و کاڵ(بۆ نمونە بـەو شێوەیە دەنـوسـرێـت ئەو «شۆڕش»ەی ئەپۆلێنەری گواستەوە بۆ بوێری قەسیدەکەی(دوشەممە شەقامی کریستین)، لەگەڵ ئەو چامە شیعرییە حـازربـەدەسـت و ئـامـادەکـراوانـەی ئـر، چونکە ئـەو دەیوست ڕابـەرایـەتـی ئەو بـزوتـنـەوەیـە بـکـات سـێـندراو ئایندەخوازییەکان و دولونییەکان پێی هەستان). بەم شێوەیە لەگەڵ ئەو ڕاڤەکردنە میکانیکییەی(ئەم وەرچەرخانە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەنجامی ڕاستەوخۆو ئاسان لە سـنـوربـۆدانـانـی کـۆمـەڵایـەتـی). کانێک کەسانێک خاوەنی هیچ نین، ئەنیا بەجێهێشتن و لێگەڕانی هابیتوسەکانیان نەبێت، ئەمەش لەپێناو ملکەچکردنی بۆ ناچارییەی ئەنگاوتەنگی کایەیەک، بۆ خواستە جەخت لەسەرکراوەکانی.(ئەوەی لە هەرکایەیەکدا چەمکی نایاب فۆرمولە دەکـات)ئـەوان بە هیچ شێوەیەک وای دانانێن ئەرکێک بەجێ دەگەیەنن، و گرنگیێدەر نین ئـا زۆربـەی گەڕانەکانیان گەیشتن بێت بۆ بەرزترین پلەی سودخواستن(جۆری). لەسەر ئەم بنیادی سودگەراییە سەرباریە ئەتوانن خۆیان ببینن و خەڵکمی ئریش بیانبینن، بە شێوەیک هیچ کـات ئەمان بـەرژەوەنـدیـخـوازو قازانخواز نین.

**تێبینی:**

ئەم نوسینەی پییەر بۆردیۆ، سیمیناریک بوو لە نۆڤەمبەری 1976. لـە قوتابخانەی بـاڵای مامۆستایان L،Ecole normale ENS، superieure.)، بۆ گروپێک لە زمانناسان و مێژوونوسانی ئەدەب خستوویەنەڕوو.

**سەرچاوە:**

Pierre Bourdiu،
QUESTIONS DE SOCIOLOGIE، QUELQUES PROPRIETES DES CHAMPS.
P، 113120–

## ئەوەی لە کۆتاییدا بەرهەمی دێنێت، جیاواز نییە لەو شکڵەی تێیدا دەردەکەوێت

پییەر بۆردیۆ

ئەمەوێت بە کورتی لەبارەی تێگەی سانسۆرەوە قسە بکەم. ئەو سانسۆرەی کە هەموو کارێک لە خوێدا هەڵیگرتووە، لە ناو سەرجەمی کارەکاندا سانسۆر هەیە. کات و ساتی قسەو باس سەرمایەیەکی دەگمەن و بێهاوتایە. منیش زۆر ئاگادارو هوشیارم لەوەی کە قسەکردن و قسەبەدەستەوە گرتن مۆنۆپۆڵکردنی کاتی قسەوباسە، بۆیەش بۆ ماوەیەکی دریژ قۆرخی ناکەم.

ئەوەی دەمانەوێت بیڵێین دەتوانین بەم شێوەیە و لە فۆرمێکی بەرهەمهاتودا کورتی بکەینەوە: هەمو گوزارشتێک سازانێکە لە نێوان سودێکی گوزارشتلێکراو چاودێریی و سانسۆرێک کە بونیادی کایە و کێڵگەکە ڕێکی دەخات، واتە ئەو کایەیەی کە ئەم گوزارشتەی تێدا بەکاردەخرێت. ئەم گونجان و سازانە بەرهەمی پرۆسەیەکی پۆشین و شاردنەوەیی و جواندەربڕینی Euphemisation))وەهایە، تا سنوری بێدەنگی و کپبون دەڕوات. تا سنوری ئەوپەڕی گوتارە سانسۆرکراوەکە. ئەم پرۆسەی پۆشین و ئیفێمیزاسیۆنە، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی شتێک، کە شکڵ وەرگرتنێکی یەکلاکراوە و رێکخراو لە نێوان ئەوەی کە پێویستە بوترێت و ئەوەی دەوترێت و ئەوەی کە دەکرێت بوترێت، ئەڵبەتە ئەمەش لەگەڵ بە هەند وەرگرتنی ستراکتۆری پێکهینەرانەی ئەم کایە دیاریکراوە. بە مانایەکی تر ئەوەی کە لە کایەیەکی تایبەتدا دەتوانرێت بوترێت، دەرەنجامی ئەوەیە کە دەتوانین پێیبڵێین شکڵوەرگرتن. قسەکردن و ئاخافتن، واتە خستنە ناو فۆرمەوە. ئەمەش بەو مانایەی، گوتارێک کە هەڵگری تایبەتمەندیی زۆر تایبەتی خۆیەتی، لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی، تەنها لە ناوەرۆکی و بەردەوامیبونیدا نا، واتە ئەو هەلومەرجەی کە دیاریدەکات چ پێویستە بوترێت، لەگەڵ ئەوەی

## کاتێک دەڵێین کایە و کێڵگە وەک سانسۆر کاردەکات، مەبەستمان ئەوەیە کایە بونیادو ستراکتۆرێکی دابەشکردن و بەشکردنی تایبەتە لە سەرمایەی ڕەمزیی دیاریکراو

کایەی وەرگرتن Champ de reception))دیاریدەکات چی بوترێت و چی وەردەگیرێت، ئەو کایەی لێیدا گوێبیستی ئەو شتە دەبین کە دەوترێت. ئا لێرەوە دەتوانین ئەو پێگەو نیگا، بە ڕێژەیی، سادەو ساکارە لێپەڕێنین لە نێوان شیکردنەوەی ناوەکی و شیکردنەوەی دەرەکی کارو گوتارەکان.

لە نیگای سۆسیۆلۆگێکەوە، کە پرانسیپێکی گونجاو لەبارە تایبەت بە خۆی هەبێت، وانە پرانسیپی تایبەتی خۆی بۆ پێکهاتنی پرۆژەکەی، گرنگی پێدان و سودە گوزارشتلێکراوەکە ناودەنرێت گرنگی و سودی سیاسیانە، بە مانای فراوانی وشەکە، وانە لەناو هەموو گروپ و کۆڕبەندییەکدا گرنگیدانی و بە هەندگرتنی سیاسی هەیە، و لەم بارەیەوە، لەناو کێڵگەیەکی تایبەتی و سنوردارداە(ئەوەی ئەم کۆمەڵ و گرووپانە پیکدێنێت بۆ نمونە)ئەدەب و جوانگۆیی، خۆشگۆیی و ڕێزنواندن politesse ))بەرەنجامی سازان و گونجانە لە نێوان ئەوەی کە دەخوازرێت بوترێت لەگەڵ ئەو کۆت و بەندە دەرەکیانەیی گوشارو جەبر لەسەر کێڵگەو کایەیەک پێکدێنن، نمونەیەکتان لە(لاکۆف)وە بۆ دێنمەوە: میوانێک کانێک چاوی بە ڕاخەرێک دەکەوێت ناڵێت: ئاو چە ڕاخەرێکی جوانە، نرخەکەی چەندە؟). بەڵکو دەڵێت:(ئەتوانم لە بارەی نرخەکەیەوە لێتان بپرسم؟).( ئەتوانم puis–je)) یەک دێنەوە لەگەڵ پرۆسەی جوان وتن و پۆشیندا، ئەوەی کە بەپێی بنەماو بنەڕەتییەکان بەڕێوە دەچێت. کانێک دەویستێت گوزارشت لە نیەت و نیهادێکی دیاریکراو بکرێت، دەتوانرێت ڕێساکە بەکار بهێنرێت، یان بەکار نەهێنرێت. ئەو ڕێساو بنەمایانەی لە ڕێگەیانەو دەناسرێنەوە، بۆ نمونە بۆ ناسینەوەی گوتارێکی فەلسەفی بەهەمان شێوە. لە هەمانکاتدا دەتوانین ئەوە ببینین، کە چۆن بەپێی بنەما وەردەگیرێت، وانە بەو پێیەی کە فۆرمە نەک ناوەڕۆک وانە، یەکێک لە سیماکانی گوتارێکی لە قاڵبدراو(داڕێژراو فۆرمولەکراو بەپێی بنەماو بنچینەکانی کایەکە)، سەپاندن و چەسپاندنی پێوەری تایبەتی پەیپێبراوە، وانە دەڵێت(لەگەڵمدا بێن بە پێی یاساو ڕیساکان)وانە بەو شێوازەی کە بۆ خۆمی دادەڕێژم، لەوە گرنگت بەلاڕێدا مەمبەن و ناچارم مەکەن بە وەرگرتنی ئەوەی ڕەفزی دەکەمەوە لە سەروبەندی داڕشتنەکەدا. بە مانایەکی تر، من لێرەدا بەرگریکارو پێسپێردراوم بە لەبەرچاوگرتنی مافی مۆڵەتپێدان): گوتاری داپۆشراو و پۆشراو یان جوان گوتن، زەبروزەنگێکی سیمبۆڵی موماڕەسە دەکات، ڕەنگە کاریگەرییە تایبەتیەکەشی لە ڕێگرتن لەو تەنها تۆندوتیژیە دەرکەوێت کە شایستەیەتی، تەمەش بەلاڕێدا بردنێتی بەوەی کە دەوترێت، بەڵام لە داڕشتنێکی تایبەتی وەها، لە ڕێگەیەوە بانگەشەی نەگوتنی دەکات. گوتاری تەدەبی گوتارێکە دەڵێت( بێن لەگەڵم وەک چۆن داوانان لێدەکەم مامەڵەو هەڵسوکەوتم لەگەڵدا بکەن، وانە بە شێوەیەکی سیمۆلۆژیانە، بە وپێیەی کە بونیادە). ئەگەر مێژوی هونەرو سۆسیۆلۆژیای هونەر دەرەنگ و ناوەخت کەوتبن، لەبەرئەوەیە کە گوتاری هونەری بڕێکی زۆر سەرکەوتو بووە لە سەپاندنی پێوەرەکانی پەیبردنی تایبەت بە